

# چەند ڕێنماییەک بۆ بەکارهێنەرانی لاپتۆپ

زۆر لەئێمە لاپتۆپی هەیە بەکاری دێنێ و زۆرجار لاپتۆپەکان تووشـــی گرفت دەبـــن لەکاتی کارکردنـــدا بەتایبەتی گرفتی خاوبوونەوە و گەرم بوون و ســـتی کارکردن، زۆر جاری واهەیە کەدەبێتە هۆی ئەوەی لاپتۆپەکەت فۆرمات بکەی، کە لەراستیدا کێشەی ویندۆز نییە، بۆیە بەهۆی تاقیکرنەومان لەسەر لاپتۆپ دەرکەوتووە کە پێویستە چەند ڕێنماییەك بەکار بهێنین بۆ ئەوەی لاپتۆپەکەمان پارێزراو بێ.

1- لەکاتی بەکارهێنانـــی لاپتۆپ و کوژراندنەوەی بلوتوس و یان وایەر لێســـت کە وزەکی زۆری لاپتۆپەکە دەبات ســـتی دەکات.

2- دانەنانی ســـیدی لەناو ســـیدی درایف کەدەبێتە هۆی سەرقاڵ بوونی لاپتۆپەکە تەنیا لەکاتی پێویستدا.

3- بەســـتانی FAN PAD لەژێر لاپتۆپەکە بۆ یارمەتی دان لەکاتی ساردکرنەوەدا.

4- نـــەرم بەکار هێنانی کیبۆردەکە لەکاتی نووســـین تاوەکو کیبۆردەکە تێك نەچێت.

5- دوورکەوتنەوە لە خواردن خواردنەوە لەسەر لاپتۆپ.

6- لەکاتی پڕبوونی شـــەحنی پاتری لێکرنەوە لەسەر کارەبا، چونکە بەردەوامی کارەبا لەســـەر لاپتۆپ دەبێتە هۆی تەمەن کورتی پاتری لاپتۆپەکە.

7- لەکاتی بەکارهێنانی لاپتۆپ بەپاتری پێویستە رووناکی شاشەکە کەم بکەیتەوە بۆ ئەوەی لاپتۆپەکە زیاتر کار بکات.


8- لەکاتی هەڵگرتنی دانەنانی هەموو کەلو پەلێك لەســـەر شاشەی لاپتۆپەکە.


9-لەکاتی بـــەکار هێنانی لاپتۆپ داخســـتنی هەموو ئەو بەرنامانەی کە ئۆتۆران کراونەوە لەناو تاسك مانیجەری خوارەوە تەنیا لەکاتی پێویســـتی خۆتان بیکەنەوە و ماسنجەر و سکایپی یاهو.


بەکارهێنانی ئەم جۆرە ڕێنمایيانـــە وادەکات کە لاپتۆپەکەت تەمەنی درێژبێت و پارێزراو بێت لەشکان یان تێکچوون.


# سیستەمی ریجستەری بۆ خزمەتگوزاری ویندۆز

لەناو هەموو ویندۆزێك سیستەمێکی تایبەت هەیە بۆ خزمەتگوزاری چاککرنـــەوەی بەرنامەکان، زۆر جار هەیـــە بەرنامەیەك لەکار دەکەوێت یان ناســـرێتەوە لەناو کۆمپیترەکەتدا یان چالاك کردنی بەرنامەکان یان ویندۆز بەکارهێنانی سیســـتەمی ریجستەری لەناو ویندۆزەکە دەبێتە هۆی چاکســـازی لەناو لاپتۆپەکەتدا، ئەم سیستەمە بەشێوەی نهێنیە و تەنیا شـــارەزایانی بواری بەرنامەکان دەتوانن کاری لەسەر بکەن، بەڵام ئەگەر یەکێك شـــارەزابێ، ئەوا دەتوانێت دەسکاری ئەم سیستەمە بکات، سەرتا دەچینە STRTو کلیك لەسەر RUNدەکەین و لەناو گۆشەکەدا فەرمانی regedit دەنووسین و کلیکی لەسەر دەکەین پاشان دەبینین کە پەنجەرەیـــەك دەبێتەوە و هەر فەرمانێك تایبەتە بەکارێك لەناو ویندۆزەکە، بـــۆ نموونە ئەگەر دەســـکاری پرۆگرامەکان بکەین، ئەوا دەچینە ســـەر SOFT WOER بۆ دەســـکاری کردن و دەبینین هەموو بەرنامەکان دیارن، دەتوانین لەم شـــوێنە ئەو بەرنامەیە بســـڕینەوە ئەگەر بەرنامەکە نەسڕێتەوە هەروەها دەتوانرێت دەستکاری کردنەوەی بەرنامەکان بکەیت.









# زانستی هارد دیسک



هارد دیسـك ئەوبەشە گرنگەیە كە بەشی پێنجەم دێت لەبەشەكانی كۆمپیوتەر، هارد بۆ خەزنكردنی داتاكان و شوێنی ویندۆزە كە كارەكانی تێدا ئەنجام دەدات، لە سۆفت وێردا دوو بەشی هەیە، یەكەم: دۆز كە بەشێوەی فەرمان كردن واتە بەنووسین كارەكان ئەنجام دەدات. دووەم: وێندۆزە واتە بینینە بەچاو ئەو فەرمانانە بەشێوەی دیتن و كلیك كردن فەرمانەكان ئەنجام دەدرێت هەموو كردارەكان بەچاو دەبینرێن.

هاردیسك لەڕووی پێكهاتنیەوە بەشی یەكەم مەزەر بۆرده كارە كاربابییەكان ئەنجام دەدات و دووەم بەشی فرچە و قۆڵە گەیاندنی داتاكان بۆ سەر دیسكە كە بەشی سێیەم سیدی ئاسنییە كە لەماددەی نیكل و ماددەی ئای فۆنی تێدایە كەتوانای وەرگرتن و دانەوە و سڕینەوەی هەیە، بەشی چوارەم ماتۆری ڕۆتۆلیە كە بەشێوەیەكی زۆر خێرا كاردەكات، دروستكردنی هارد لەشێوێنێك دەبێت كە دوور بێت لەتیشكی ڕووناكی و بەهەوای پەستۆك دادەپۆشرێت، ئەگەر هاتوو ئێمە هاردێكمان كردەوە ئەوا ڕاستەوخۆ لەكار دەوەستێت بەهۆی بەركەوتنی هەواو تیشكی خۆرەوە،


هارد لەدارشتنیدا بەسێ جۆر دادەڕێژرێت، یەكەم: دارشتنی fat كەبۆ ئەو ویندۆزانەن كە هاوكێشەی كاریان لەسەر هارد 8 بیت دەبێ وەكو ویندۆز 95 و nt و win2 كە ئەو ویندۆزانە لەسەرەتای ساڵانی نەوەتەكان دروست كرابوو، دارشتنی دووەم: fat32 بۆ ئەو ویندۆزانە دەبێ كە هاوكێشەی كاریان لەسەر هارد 16 بیت دەبێ وەك ویندۆز 98 وێندۆز منینیۆم، سێیەم: دارشتنی ntfs كە بۆ ئەو ویندۆزانە بەكاردێت كە هاوكێشەی كاركردنیان لەسەر هاردەكە 32 بیتە و هاردیسك لەخێراییدا جۆری هێواش و خێرای هەیە كە هێواش ئەو هاردانە دەگرێتەوە كە لە چركەیەدا 2700 جار دەخولێتەوە و هاردی خێرا ئەو هاردانە دەگرێتەوە كە خێرایەكەی لە چركەیەدا 27000 جار دەخولێتەوە.

هاردیسك لەڕووی كێبلی بەشەوە دوو جۆرە، یەكەم: IDEو جۆری دووەم: SATAیە. جۆری تری هەیە ئەویش SISCZEیە كە بۆ ئامێری پلۆتەر بەكاردێت.

هارد لەڕووی داتاوە دوو جۆری هەیە، هاردی میدیایی كەتایبەت بۆ كاری وێنەیی بەكارێت و دروستكردنی جیاوازە بە تایبەت بۆ كەشتیەكانی بۆشایی ئاسمان و فڕۆكەكان بەكاردێت. جۆری دووەمیان داتاكانە بەگشتی ئەو هاردانە كە ئێمە ڕۆژانە بەكاری دێنین، ئەو هۆكارانەی كە دەبنە هۆی تێكچوونی هارد، یەكەم: پچڕانی كارەبا بە بەردەوامی لەكاتی كاركردنیدا. دووەم: هۆكاری بەردانەوە لەشوێنێكی بەرز بۆ خوارەوە. سێیەم: هۆكاری موگناتیس لێدان یاخود لێی نزیك بكرێتەوە بەتایبەتی بەكارهێنانی مۆبایل كە دەبێتە هوی بزوێنی هاردەكە و ئاراستەكەی تێك بچێتە، چۆنیەتی زانینی پەككەوتنی هارد، یەكەم: دەنگێك پەیدا دەكات لەكاتی كار كردنیدا. دووەم: گەرمبوونی هارد زیاد لەوەی كەهەستی پێدەكەیت. سێیەم: درەنگ هاتنە سەر كاری ویندۆز.

هارد زۆر شێوەو قەبارەی هەیە، هاردی لاپتۆپ بچووكە و هادری دیسك تۆپ گەورەیە و هاردی میدیا گەورەترە.

# ماڵپەڕە كۆمەڵایەتیەكان سوودیان بۆ منداڵ زۆرترە




لەتوێژینەوەیەكی زانكۆیەكی بەریتانیا دەركەوتووە، نیوەی زیاتری مێردمناڵەكانی جیهان ڕۆژانە بەلایەنی كەمەوە جارێك سەردانی فێسبوك و تویتەر دەكەن.

توێژەرەوەكان پێیان وابوو كردنەوەی ئەو ماڵپەڕانەوە بۆ ئەو تەمەنە سوودی زۆری هەیە، چونكە بازنەی پەیوەندی منداڵان فراوانتر دەكات و، هۆكاریكی باشە بۆ باشتر دروستبونی كەسایەتییان و متمانە بوون بەخۆیان، بەڵام دەبێ لەژێر سەرپەرشتیاری دایك وباوكیانەوە بێت، چونكە ڕەنگە توشی هەڵە ببن و هەڵەی ئەو تەمەنە لەگەڵ هەموو ژیانیان دەڕوات.

Microsoft

# مایكرۆسۆفت داوای یاسایی دژی گۆگڵ تۆمار دەكات



كۆمپانیای مایكرۆسۆفی ئەمەریكی، كە گەورەترین كۆمپانیای بواری كۆمپیوتەرە لەجیهان، داوایەكی یاسایی دژی كۆمپانیای گۆگڵ تۆماركردوە، كەوا گوایە گەڕانەكەی بەكاردەهێنێت بۆ دژایەتی كۆمپانیاكەیان.

پارێزەی تایبەتی مایكرۆسۆفت ڕایگەیاند كە گۆگڵ ڕێگایەكی نوێ بەكار دەهێنێ بۆ ڕیكلامكردن بۆ ماڵپەڕەكانی و ئەو ڕێگایەش نایاساییە و زیان بە ماڵپەری بینگ دەگەیێنت. جێی باسە ماڵپەری بینگ وەك گۆگڵ ماڵپەرێكی گەڕانی پێشكەوتوە، لەلایەن كۆمپانیای مایكرۆسۆفت بەهەماهەنگی لەگەڵ یاهوو دامەزراوە.

# نابینایانی کوردستان سوود لە ئینتەرنێت وەردەگرن

تا/ هاوكار كۆیی

تەکنۆلۆژیای سەردەم هیچ سنوورێکی نەهێشتۆتەوە، هەموو کەسێك دەتوانێت سوودی لێ وەربگرێت، لەمیانەی ئەو تەکنۆلۆژیانە، ئینتەرنێت و لەمیانەی ئەو سوود وەرگرتوانە، نابینایە، کە دەتوانێ کار بەکۆمپیوتەر بکات و زۆر بەئاسانی ئینتەرنێت بەکار بهێنن، خۆشبەختانە لەمیانەی ئەو نابینایانەی کە دەتوانن ئەو خزمەتانە بەکاربێنن، نابینایانی کوردستانن.

بەمەبەسی چۆنیەتی بەکارهێنانی ئینتەرنێت و کۆمپیوتەر لەلایەن نابینایانەوە لە کوردستان، سەردانی پەیمانگای نابینایانی هەولێرمان کرد، تاوەکو لە نزیکەوە ئاگادار بین کە تاچەند دەتوانن سوود لە تەکنۆلۆژیا وەربگرن، لەم بارەیەوە بەڕێز (لوقمان شەوکەت رەشید) بەڕێوەبەری سەنتەری رۆشنا تایبەت بە نابینایان بۆ گوڵان دواو ئاماژەی بەوە کرد: تەکنۆلۆژیای سەردەم بەراستی ئاسانکاری زۆر گەورەی کردووە بۆ نابینایان. پێش ئەوەی ئەو سەنترە دابمەزرێ خەونێکی گەورە بوو بەنیسبەت نابینایان، چونکە لەرێگەی راگەیاندنەکانەوە بیستبوومان کە لە وڵاتانی تر کۆمپیوتەر و ئینتەرنێتی تایبەت بە نابینایان



لوقمان شەوکەت رەشید


بەرهەمهێنراوە، کە ئەم هەنگاوە بەربەستێکی گەورەی شکاند لەنێوان چاوساغ و نابینایان. پێش ئەوە ئەگەر نابینایەك بیویستایە نامەیەك یان نووسراوێك بۆ کەسێکی چاوساغ بنووسێت، ئەبوایە چاوساغێك یارمەتی بدات، یان بەپێچەوانەوە ئەگەر نامەیەکی بۆ بهاتایە، بەڵام لەگەڵ هاتنی ئینتەرنێت و کۆمپیوتەری تایبەت بۆ کوردستان، نابیانیان ئێستا دەتوانن وەك چاوساغ نامە بنووسن و بینێرن. جگە لەوەی لەرێی خوێندنەوە سوود لەزۆر بەشی تری ئینتەرنێت بکەن.

## دامەزراندنی سەنتەرێکی تایبەت

## بۆ نابینایان گرنگی زۆری هەبوو

لەکابینەی پێنجەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان، ئەم پرۆژەیەمان لەلایەن وەزیری تەندروستی و کاروباری کۆمەڵایەتی باسکرد، بەڕێزی دیاربوو کەهات بۆ لای ئێمە بابەتەکەی بەهەند وەرگرت، بەڕێوەبەری گشتی چاودێری گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی هاندەرێکی باشی بیرۆکەکە بوو، هەر بۆیە جەنابی وەزیر، «شیلان محەمەد شەریف»ی بەم کارە سپارد، بەڕێزی سەردانی وڵاتی لوبنانی کرد بۆ ئەم مەبەستە و نابیناکانی ئەو وڵاتەی بینی کە ئەوان کۆمپیوتەر و ئینتەرنێت بەکاردەهێنن، کاتێك گەڕایە بۆ کوردستان ئەوەی کردە پرۆژەیەك بۆ حکومەت و لەپاشاندا پرۆژەکە پەسند کراو خەرجییەکی زۆری بۆ کرا، کە تەنیا ئامێرەکان هەشت هەزار دۆلاری تێچوو، ئەمە جگە لە مەشقکردمان لەوڵاتی لوبنان.

ئێمە سێ کەس چووینە ئەو وڵاتە «لوقمان شەوکەت رەشید، مۆفق ئەکرەم کانی و سەدیق عوسمان بەڕێوەبەری پەیمانگای نابینایان». بۆ ماوەی دوو مانگ ئێمە لەوێ



ماینەوەو، لەو ماوەیەدا خولی چڕوپڕمان بینی بۆ چۆنیەتی بەکارهێنانی ئەو پرۆگرامانەی کەتایبەتە بە نابینایان، ئەو پرۆگرامانە بەشێوەی دەنگ و پرۆکرامی (جالج) بەکاردەهێنین، کە پرۆگرامێکی جیهانییە، واتە لەهەموو دنیا ئەوپرۆگرامە بەکاردەهێنرێت لەلایەن نابینایانەوە.

جالج کورتکراوەی «جۆبك لوکەیشن سپیك»ە، واتە کردارەکان لەرێگەی دەنگەوە. لەکۆمپیوتەردا ئەو پرۆگرامە سێت ئاپ دەکرێت، ئەو کاتە ویندۆز بەدەنگ هێماکان دەخوێنێتەوە، لەگەڵ ئامێرێکی تر کەپێی دەڵێن «پەت میت» کە نووسینی ئەلکترۆنی دەکات، ئەو ختە ئەلکترۆنیە کە نابینایان ئەوەی لەسەر شاشەی کۆمپیوتەرەکەیە بەلەمس بیخوێنێتەوە، ئەو ئامێرە لە کۆمپیوتەرەکە دەبەسترێت. جگە لەمانە، سێ پرێنتەرمان هەیە کە ئەم پرێنتەرانە چاپی براهیل دەکات، واتە نووسینی ئاسایی دەگۆڕن بۆ براهیل و نابینایان بەهۆیەوە دەست نووسینەکان دەخوێننەوە.

لە سەنتەرەکەمان 30 کۆمپیوتەر و 5 پرێنتەری براهیل و 30 ئامێری پەت میت و پرۆگرامی تایبەت بە سکانەر و پرۆگرامی ئۆپن بووکمان هەیە، ئەمەی کۆتاییان بۆ سکان کردنی نووسینی ئاسایی بۆ دەنگ و پاشان لەناو کۆمپیوتەردا هەڵدەگیرێت. هەر کەسێك بیەوێت دۆکۆمینتێکی خۆی هەڵبگرێت، ئەوا خۆی سکانی دەکات، بەمەش پێویستی بە چاوساغ نابێ. جگە لەمانە پرۆگرامێکی ترمان هەیە ئەویش ناوی «ماجیك»ە، بۆ گەورەکردنی ئایکۆنەکان لە دیسکتۆپ، بۆ ئەوەی کە کەم بینان بتوانن ببینن، ئەو پرۆگرامە لەگەل جەوزا بەکاردێت.

**تاچەند هاوکاری بەردەوامیان لەلایەن حکومەتەوە پێ دەگات؟**

بەراستی حکومەتی هەرێمی کوردستان درێخی نەکردووە بۆ پاڵپشتی و هاوکاری کردنی سەنتەرەکەمان، بۆ کردنەوەی هەر خولێك بۆ نابینایان، بودجەی تایبەت دابین دەکرێت، هەربۆیە خولەکانی ئێمە بۆ نابینایان بەخۆڕاییە و لەکۆتایی هەر خولێك بڕوانامەیان پێ دەبەخشرێ. جگە لەمە تۆڕێکی ئینتەرنێتیان بۆ دابین کردوین و دابەشکراوە بەسەر کۆمپیوتەرەکان و نابینایان دەتوانن ڕۆژانە بێن ئینتەرنێت بەکار بێنن، لەرێگەی سەنتەرەوە ئەگەر هەر بابەتێك پێوەندی هەبێ بەنابینایانەوە، ئەوا لای خۆمان بۆیان دابین دەکەین و سوود لەو تەکنۆلۆژیایە نوێیانە وەردەگرین.

جێی بیرهێنانەوەیە ئەم سەنتەرە یەکەم سەنتەر بوو لە سەر ئاستی عێراقدا کە بۆ یەکەمجار لەپایتەختی هەرێم دامەزرا، تاکە سەنتەر بوو لەهەموو عێراق تاکو پارێزگاکانی تری عێراق نابینایانی خاروو خولیان بینیوە لەسەنتەرەکەمان بۆ فێربوونی کۆمپیوتەر.

**وتەنەوەی وانەی کۆمپیوتەر شتێکی ئاسان نییە، ئەو مامۆستایانە لەو ئاستەدان کە بەو ئەرکە هەڵبستن؟**

ئەو مامۆستایانە هەموو ئەکادیمین، من دوو پەیڕەوم داناوە بۆ قوتابیانی نابینایان لەرێی ئەو پرۆگرامانەی تایبەتن بەنابینایان، یەکێکیان تیۆرییە، ئەوەی تریان کردارییە، ئێمە لەچەند مامۆستاو ڕاهێنەرێك پێکهاتووین، کە هەموومان لەدەرەوەی وڵات خولمان بینیوە.

**کۆکردنەوەی نابینایان و کردنەوەی خول و هاوکاری کردنیان بۆ فێربوونی ئینتەرنێت و کۆمپیوتەر ئەرکێکی مرۆیی و کارێکی خێرخوازیە**

بەپێی پێویستی نابیناکان لەرێگەی پەیمانگا و سەنتەرەکەمان و لەرێگەی یەکێتی نابینایانەوە، نابینایەکان ئاگادار دەکەینەوە بزانین چەند کەس پێویستی بە خول هەیە بەپێی ژمارەی ئەوە نابینایانە پرۆپرسڵ پێشکەش بە وەزارەتی خۆمان دەکەین و زەرامەندی پێ وەردەگرین تاوەکو خولەکان بکەینەوە، ساڵی وا هەبووە شەش خول کراوەتەوە، هەر چەند ژمارەی نابیناکان زیاد بێ، ئەوا خول زیاتر دەکرێتەوە بۆ ئەوەی نابیناکان سوودمەند بن. لە ساڵی 2010 شەش خولمان کردەوە و ئەمساڵ بۆ ساڵی 2011 بەنیازین سێ خول بکەینەوە، ئەمەش بەپێی پێوویستی نابیناکان.

بوونی یەك سەنتەر لە هەرێمی کوردستان بەتەنیا بەس نییە و پێویستە لەهەموو شارەکانی هەرێم بکرێتەوە

بەرێزی ئاماژەی بەوەداو وتی بەم دواییە لەسلێمانی سەنتەرێکی تر کرایەوە و لەهەوڵی ئەوەدان کە لەشاری دهۆکیش سەنتەرێك بەهەمان شێوە بکرێتەوە بۆ ئەوەی نابینایان لەشارێك بۆ شارێکی دیکە نەچن ئەزیەت نەچێژن.




بەرپرسی فایلی ئایتی: سەنگەر شنۆیی Email: it @gulan-media.com Mobile: 07504514008